نووسینی د . زاهیر سوران
050325 ستۆکهۆڵم

# منداڵنەبوون

یەکێکە لەو گیروگرفتە گەورانەی دووچاری خێزانێك دەبێت و زۆرجاران دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان ، گیروگرفتی دەروونی ، نائومێدی لە ژیاندا و تەنانەت جودابوونەوە . منداڵنەبوون بریتییە لە زێدەتر لە ساڵێك پێکەوە ژیانی ژن و مێردێك کە مێوینە ئاوس نەبێت یان منداڵی نەبێت . هەرچەندە ئەمرۆ زانستیانە زۆر رێگا هەیە بۆئەوەی مێوینە ئاوس ببێت ومنداڵی ببێت بەڵام هەندێکیان وەك مۆراڵ زۆر کەس خۆی لە قەرەی نادات . بەڵام هەندێك جاری دی کەم یان زۆر ئاسانکاری کراوە بۆئەوەی مێوینە ئاوس ببێت و منداڵیشی ببێت . گەر زانستییانە و بەجودا کۆئەندامی زاوزێ ی نێرومێ شی بکەینەوە و پاشتر لە باری دەروونی و هۆرمۆنی هەردووکیان ورد ببینەوە ئەوسا بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆرجار هۆی منداڵنەبوون دەگەڕێتەوە بۆ پیاو نەك بۆ ژن بەڵام لە کۆمەڵگا نەخوێندەوارەکاندا (کوردەواری) هەمیشە مێ دەبێتە قوربانی و لەو هەلومەرجە ناسکەدا زۆر بێ بەزەییانە و بەرقوکینەوە مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی لە گەڵدا دەکرێت و بە چاوێکی جیاوازەوە سەیری دەکرێت .
لە کاتی لە دایکبووندا هێلکەدانەکان نزیکەی یەك ملیۆن هێلکەی پێگەیویان تیادایە . نزیکەی 500 هەزاریان گەشەدەکەن و دەبنە هێلکەخانە کە پاشتر دەپیتێن . لە ناوەراستی بێنوێژیدا کیسەی هێلکەیەك دەتەقێت و ئەو هێلکانەی پێگەیون دەکەونە کەناڵی هێلکەدانەوە بەمەش دەگۆترێت هێلکە دانان . لەم کاتەدا نزیکەی نیو پلە گەرمی لەشی ئافرەت بەرزدەبێتەوە و تا چەند رۆژێك پێش تەواوبوونی بێنوێژی بەردەوام دەبێت . هێلکەدانەکان ژمارەیەك کیسە هێلکەی تیادایە و لە هەر کیسەیەکدا هێلکەیەك هەیە . لە کاتی بێنوێژییدا (خولی مانگانە) ژمامیەك هێلکە و کیسە هێلکە گەورەبن .
نزیکەی 3-5 رۆژ دەخایەنێت تا هێلکەکان بەم کەناڵانەدا دەگەنە منداڵدان . بۆ ئەوەی پیتاندن روودات پێویستە تۆماوی نێر بگاتە نێو هێلکەدان کاتێك هێلکە لە هێلکەدانەکانەوە بەرە و منداڵدان دەگوێزرێنەوە و لەوێدا تۆماو و هێلکە تووشی یەکتری دێن ، پاش هێلکەدانان دەبێت لە ماوەی یەك رۆژدا هێلکە بپیتێت . گەر پیتاندن روونەدات ئەوا ژن سکی پڕنابێت و مانگی داهاتوو بێنوێژ دەبێتەوە .

ئەوی راستی بێت هەندێك لە توێژیاریان ئەو راستییە دەسەلمێنن کە لە 6 نێردا یەکێکیان گیروگرفتیان هەیە و ناتوانن منداڵ دروست بکەن . هەندێکی دی دەبێژن لە 30٪ هۆی منداڵنەبوون دەگەڕێتەوە بۆ پیاو لە 30٪ ی بۆ ژن و لە 30٪ بۆ هەردووکیان و لەوانەشە هەندێکجار هۆی منداڵنەبوون نەزانرێت . ئەو رێژانە ی سەرەوە وامان لێدەکات لە کاتی لێکۆڵینەوەی هۆو هۆکارەکانی منداڵنەبووندا پێش ئەوەی بڕیاری کوێرانە بدرێت پێویستە تێستی هۆرمۆنی بۆ هەردووکیان و تۆماویش بۆ پیاو ئەنجام بدرێت .
هەرچەندە ئەمرۆ زانست لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتووە و هەندێك لەو گرێیانە کردنەوەیان ئاسانتربووە بەڵام هەندێکی دی نارەحەتە ئەویش بە هۆی ئەوەی لە ژێرتوێژینەوەدایە ، خەرجی زۆری تێدەچێت و مرۆ توانای بەسەرداناشکێت . لە کوردستان دا گیروگرفتەکە بە شێوەیەکی ترە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی نەخۆشخانە و تاقیگای تایبەتی و(کەمی) پسپۆڕ لەم بوارەدا .

زۆر خێزان چەندین ساڵ هەوڵیان داوە تا منداڵێکیان ببێت بەڵام بە ئەنجام نەگەیشتوون وەلێ پاش 8-10 ساڵان ژن ئاوس بووە و منداڵێك یان دووانی بووە . هەرچەندە زانستییانە هۆی ئەم دیاردەیە نازانرێت بەڵام پێویستە مرۆ لە ژیاندا بێ هیوا نەبێت . لە هەندێ باری دی دا گیروگرفتی منداڵنەبوون یان وەجاخکوێری شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە وناشیرینتری لەخۆگرتووە ، بەلای هەندێك کەسەوە گەر ژن کوڕی نەبێت ئەوا پیاوەکەی وەجاخی کوێردەبێتەوە ! ئەمانە لە لایەك، وەلێ پێویستە هەموان رەچاوی لایەنە مرۆڤانەکە بکەین کاتێك باس دێتە سەر لە دایکبوونی منداڵێك جا گرنگ نییە کوڕ بێت یان کچ .

### هۆکان لە ژناندا

– ئەنجام نەدانی کرداری پیتێنی نێوان تۆماو (سپێرم) وهێلکە .

– کەمی یان نەبوونی ڕێڕەوی بۆریەکانی هێلکەدان .

– تێکچوونی هێلکە دانان لە هێلکەدانەکاندا .

– تەمەن ، ئەو ژنانەی تەمەنیان لە سەروو 40 ساڵانەوەیە لە سێ ژن دا دووانیان منداڵیان نابێت .
(گەر بە هۆی میکرۆنەشتەرگەرییەوە یارمەتی نەدرێن) .

– لەبارچوون (نەمانەوەی منداڵ) .

– ماسولکە گرێی (Myom) سەر منداڵدان .

– گۆرانکارییەکانی منداڵدان .

– هێلکەدانە سۆ .

– گچکەیی پزدان .

– سکپڕی دەرەوەی پزدانْ .

– نەخۆشییە درمە زایەندییەکان .

– هۆی نەزانراو .

### هۆکان لە پیاواندا

– کەمی جۆری تۆماو(سپێرم) . تا ژمارەی زایەندی زێدبێت ئەوا باشی تۆماو نزم دەبێتەوە ، بە پێچەوانەشەوە .

– توێژیارانی یابانی ئەمساڵ 2005 ئەم جۆرە پرۆتینەیان دۆزیوەتەوە دەبێژن نەبوونی پرۆتینی جۆری (Izumo)، کە دەترنجێتە نێو هێلکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاو نەتوانێت منداڵ دروست بکات (3)

– ڕێگر لە تۆماوە کەناڵەکاندا .

– گرفتی بەرگریزانی (دژەتەنی دژی تۆماوی خۆ).

– تێکچوونی هۆرمۆنی .

– تێکچوونی تۆماو هاتنەوە .

– چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە دەرمان یان بە تیشك .

– نەخۆشییە درمە زایەندییەکان .

– فتقی گوونەکان .

– گیروگرفتی دەروونی .

– هۆی نەزانراو .

**هەندێك جار هۆی منداڵنەبوون دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی هۆکانی ژن وپیاو، هەندێك جاری دی هیچ هۆیەك نادۆزرێتەوە بۆ نەپیتاندن ئەوسا بە نەپیتاندن نێودەبرێت .**

**ڕێژەی ئاسایی تۆماو لە تاقیگەدا (بە پێی ر.ت.ج)**

| | |
|---|---|
| بڕی تۆماو | لە(سەروو) < 2 ملیلیترەوە . |
| ڕێژەی pH | لە نێوان 7.2–8.0 ەوە. |
| خەستی تۆماو | لە < 20 ملیۆن سپێرم لە یەك ملیلیتردا . |
| ژمارەی سپێرمەکان | لە< 40 ملیۆن سپێرمەوە . |
| شێوەی سپێرمەکان | لە < 30٪ سپێرمی ئاساییی . |
| ژیانی دەرەکی | لە < 75٪ سپێرمی زیندوون . |
| جوڵە | لە 50٪ ماماوەندی دەجوڵێن . |
| | لە 25٪ خێرا دەجوڵێن . |
| خرۆکەی سپی | لە > (خواروو) یەك ملیۆن لە یەك ملیلیتردا . |

سەرنج : بەو پێوانانەی سەرەوە سپێرم ئاساییە .

**چارەسەرکردن**

**ئەوەی شایانی باسە ڕێگاکانی چارەسەرکردن زۆرن وەلێ لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە و هاوکات بەندە لە سەر هۆی منداڵنەبوونەکە ، تەمەنی ژنەکە و چەندجار هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە ؟ هەموو هەوڵدانێك دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەری منداڵبوون بگاتە 30–35٪ . بەڵام ئەمڕۆ لە زۆربەی نەخۆشخانەکانی منداڵبوون دا ئەم جۆرە چارەسەرکردنانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت .**

**1– چارەسەرکردنی هۆرمۆنی .**

**2– میکرۆ نەشتەرگەری (لابردنی برین و ڕێگری کەناڵی تۆماو) .**

**3– لە ڕێگای سۆندەیەکی تایبەتییەوە تۆماوکردنە (لەکاتی هێلکە کردنەدەرەوەدا) نیۆگولینك یان منداڵدانی مێیەوە .**

**4– پیتاندن لە شووشەدا (ئەنجامدانی کرداری پیتاندن لە دەرەوەی لەشدا) سپێرمێکی باشی تۆماوەکە هەڵدەبژێردرێت وپاشتر بە هۆی شرنقەیەکی تایبەتییەوە سپێرمەکە دەکرێتە نێو هێلکە دەرکراوەکانەوە . ماوەی 2–3 ڕۆژ پاش پیتاندنەکە لە ڕێگای سۆندەیەکی تایبەتییەوە دەکرێتە منداڵدانەوە (لەوکاتەدا بەکاردەهێنرێت کە ژن و پیاو توانای پیتاندنیان نەبێت) .**

**5– گەر پیاو سپێرمی کەم بێت یان نەبێت ئەوا دەتوانرێت بە دەرزی لە گوونەکانەوە دەربهێنرێت .**

**(3) توێژیارانی یابانی لە هەوڵی بەردەوام دان تاکو ئەو پرۆتینەی دۆزیویانەتەوە بکەن بە دەرمان و ئەو پیاوانەی کە پرۆتینی ناوبراویان نییە سوودی لێوەربگرن .**

**سەرچاوەکان**

1. Ofrivillig barnlöshet.Organon AB.Göteborg.
2. www.organon.se. .(C)
3 . Svenska dagbladets nätupplag 050311.
4. netdoktor.se 050501.(C)